# بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا

شادان شکور صابر[١]، ڕۆژان نوری عەبدوڵا [٢]

[١،٢] بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا)یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکو ئێستا ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا، کاری کەمی لەسەرکراوە، ئێمە دەمانەوێت لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە ئەم بابەتە بخەینەڕو و دەوڵەمەندی زمانی کوردی لەڕوی زاراوەی یاساییەوە بخەینەڕو، ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری هەوڵی دەستنیشانکردن و خستنەڕوی بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی داوە، پشتبەستوو بە هێنانەوە و شیکردنەوەی چەندین نمونە لە بواری یاسا لە زمانی کوردیدا. چونکە زمان بەکارهێنانی تایبەتی لە بوارە جیاوازە زانستی و ئەکادیمییەکاندا هەیە، زمانی یاساش، کە زمانێکی پسپۆڕیی و تایبەتمەندە، بە زاراوە و واتا وردەکانی جیادەکرێتەوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: بۆ ئەوەی مافەکان بچەسپێن و ئەرکەکان جێبەجێ بکرێن، پێویستە لەسەر یاسادانەر، یان هەر کەسێک، کەمامەڵە لەگەڵ دەقی یاسایی دەکات، ڕەچاوی ڕێساکانی زمان بکات و گرنگی پێ بدات، چونکە دەقی یاسایی داڕشتەیەکە، ئەگەر بە باشی دابڕێژرێت و ڕەچاوی ڕێزمان و یاساکانی زمانی تێدا بکرێت ئامانجەکەی دەپێکێت. زمانی کوردی زمانێکی گونجاوە بۆ بواری یاسا، چونکە توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی بوارەکەی هەیە لە ڕێگای کۆمەڵێك بنەمای وەك: بنەمای (داڕشتن، لێکدان، دەستە وشە، داتاشین، وەرگرتن، کورتبڕی، پێوانەکردن، میتافۆر و وەرگێڕان)ەوە. بنەمای (داڕشتن، لێکدان، دەستە وشە، وەرگرتن، وەرگێڕان) چالاکترین و بە بڕشترین بنەمان بۆ دروستکردنی زاراوەی یاسایی، بەڵام بنەمای (کورتبڕی، میتافۆر و داتاشین) لە داڕشتنی زاراوەی یاسایی ناچالاکن.

**وشە سەرەکییەکان:** چەمك و پێناسەی زاراوە، زاراوەسازی، بنەمای داڕشتن، بنەمای لێکدان، بنەمای وەرگێڕان.

## ١. پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی: (بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا)یە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە بەوردی ڕۆشنایی دەخاتەسەر بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا. لە بواری ناساندنی زاراوە و زاراوەسازی کار کراوە، بەڵام دەربارەی لایەنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، لە چوارچێوەی زمانەوانی یاساییدا هیچ کارێکی وامان نەدیت شایانی باس بێت، ئەمە بووە پاڵنەر و هاندەرمان تا ئەم توێژینەوە بکەین و بتوانین ئەم بۆشاییە پڕبکەینەوە. ئامانجی توێژینەوەکە، دیاریکردنی سەرجەم بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاساییە لە زمانی کوردیدا، تا بەبڕشتی زمانی کوردی لەم بوارەدا بخەینەڕو. کەرستەی توێژینەوەکە بریتییە لە هێنانەوەی کۆمەڵێك زاراوەی یاسایی بەپێی بنەما جۆراوجۆرەکانی داڕشتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکانداو بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکارمان کردوون. توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی زاراوە، زاراوەسازی، پەیوەندی نێوان چەمك و زاراوە، زمانەوانی یاسایی کراوە. لە بەشی دووەمدا بنەماکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، کە خۆی لە: بنەمای (داڕشتن، لێکدان، دەستە وشە،

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٩ ئایار ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٨ حوزەیران ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٣ کانوونی دووەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shadan.shukr@koyauniversity.org ،
rozhan.noori@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ شادان شکور صابر و ڕۆژان نووری عەبدوڵا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

داتاشین، وەرگرتن، کورتبڕی، پێوانەکردن، میتافۆر و وەرگێڕان) دەبینێتەوە خراوەتەڕو.

## ١ـ بەشی یەکەم

**١ـ١ چەمك و پێناسەی زاراوە:** وشەی (تێرم ــ Term) بۆ زمانی لاتینی سەدەی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە (Terminus-term)، کە بە واتای (کاتێکی دیاریکراو یان کاتێکی دەستنیشانکراو و کۆتایی و سنور) دێت (dictionary Reference, 2016, 698). لە زمانی عەرەبیدا، وشەکانی "مصطلح" و "اصطلاح" بە واتای زاراوە بەکاردێت، لە بنجدا لە (اصطلح) وەرگیراوە، کە ڕەگی (صلح)ە، واتە ڕێککەوتن، لەبەرئەوەی لە بەکارهێنانی زاراوەدا، ڕێککەوتنی تایبەتمەندانە، لەسەر بەکارهێنانی زاراوەیەك بۆ چەمکێکی زانستی دیاریکراو هەیە (القاسمی، ٢٠٠٨، ٢٠٥).

زاراوەکان (مصطلحات ــ Terms)، لە هەموو زمانێکدا بەشێك لە وشەکانی ئەو زمانە پێکدێنن. ئەم بەشەش بابەتەکانی زاستی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و ئابوری و ڕامیاری و یاسا دەگرێتەوە. زاراوە وشەیەکە لە بوارێکی تایبەت و پسپۆڕییەکی دیاریکراودا بەکاردێت و کۆڵەگەی زمانی نەتەوایەتییە، ((چونکە زار و شێوەزارەکانی زمان لەیەك نزیك دەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربڕین))، (Ananiadou,1994, 1034).

لە دونیای ئەمڕۆدا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی، کە سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە، زۆر بەخێرایی ڕەوتی زانست و تەکنەلۆجیا پێشدەکەوێت. بەهۆی ئەم پێشکەوتنەش ڕۆژانە بە دەیان زاراوەی نوێ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دێتە ئاراوە، ئەو زاراوانە فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگای پێ دەوڵەمەند دەبێت و وردەوردە قسەپێکەرانی زمان ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدادەکەن، دەبێتە بناغەیەکی تۆکمە و بەهێزی زمانی نەتەوایەتی. ((زاراوە ڕێککەوتنێکە لەسەر وشە، یان واژەیەکی دیاریکراوە، لەنێوان کۆمەڵێك کەسی شارەزا دەربارەی چەمکێك یان ڕوداوێك، کە لە واتایەك بۆ واتایەکی تر گواستراێتەوە))، (الجرجانی، ١٩٧١، ١٦). واتە ڕێککەوتنی کۆمەڵێك کەسی شارەزا، لە دانانی زاراوەیەك بۆ چەمکێکی بوارێکی تایبەت خاڵێکی گرنگی بواری زاراوەسازییە. وەك (کامیل حەسەن بەسیر) دەڵێت: ((زاراوە وشەیەکی تازە بەکارهێنراوە لەلایەن تاقمێکی تایبەتییەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی سازدەکرێت و بەکاردەهێنرێت))، (بەسیر، ١٩٧٩، ٢٤).

واتە: زاراوە وشەی فەرهەنگی سەر زمانی خەڵکی نییە، بەڵکو وشەیەکی نوێیاوە بۆ واتایەکی نوێ، پسپۆڕەکان لەسەری ڕێککەوتون، بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراوی زۆر بەوردی و ڕونی پێدەربڕن، بە مەرجێك ڕێککەوتن لەسەر زاراوەکە بە شێوەیەك بێت، کە هیچ جۆرە شێواوی و ئاوڵۆزییەك لە بیری خوێنەر و گوێگردا دروست نەکات. لەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین: زاراوە وشەیەکە بۆ چەمك و مەبەستێك لە بوارێکی دیاریکراودا بەکاردێت، واتاو بەکارهێنانێکی دیاریکراوی هەیە، هەوڵی تاکە کەسییە، یان کۆمەڵێك پسپۆڕ لەسەری ڕێککەوتون.

**٢ـ١ زاراوەسازی (Terminology):** زاراوەسازی، زانستێکی تازادەیەك نوێیە و لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، باس لە بنەمای زانستی دانانی زاراوە و یەکخستنی زاراوەکان دەکات. زاراوەسازی وەك بابەتێکی گرنگی سەردەمییانە، جێگەی بایەخپێدانی زانایانی زمان و پسپۆڕانی بواری هەموو بابەتێکی زانستی و مەعریفی و ڕۆشنبیری وهونەری و ئابوری و یاساییە، چونکە زانستێکی فرەبوارە.

بەپێی ڕێبازی نەریتی، ئامانج لە زاراوەسازی جێگیرکردنی پەیوەندی نێوان زاراوە و چەمکە بۆ ئاسانکاری پەیوەندیکردن، وەک لەلایەن (پیرسۆن ـ Pearson) (١٩٩٨)وە ئاماژەی پێکراوە (Pearson, 1998, 17)، بەڵام (لین بۆوکەر ـ Lynne Bowker) پێناسەی زاراوەسازی کردووە، وەک دیسیپلینێك (Discipline ـ ڕێکار ـ انضباط)ێك، کە مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوە، پرۆسێسکردن، وەسفکردن و پێشکەشکردنی ئەو زاراوانە دەکات، کە سەر بە بوارێکی تایبەتمەندن، وەك، بواری: (یاسا، پزیشکی، ئەندازیاری، زانستی کتێبخانە یان مێژوی هونەر)، (Gelinas-Surprenant and Hussman, 2015, 14).

دانانی زاراوە و هەڵبژاردنیان بەپێی بوار و پسپۆڕییەکان و زانستە جیاوازەکان و یەکخستنیان و لێکۆڵینەوە لێیان، هۆکاری پەیدابوونی زانستی (زاراوەسازی)ین، (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٧). چونکە بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاوە هیچ گونجانێك لەنێوان ژمارەی چەمك و ژمارەی ئەو زاراوانەدا نییە، کە دەریان دەبڕین. بۆیە زاراوەسازی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدات (زاراوەسازیی سیستەماتیکی) لەسەر بنەمای بیرۆکەی زانستی دامەزراوە، هەوڵ بۆ یەکخستنی زاراوەکان دەدات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانێکی باش بۆ بە ستانداردکردنی زاراوەکان پێکبێت (Popp, 2001, 198).

ئەو چالاکییەی کە پەیوەندی بە سیستەماتیککردن و داڕشتنی چەمکەکانەوە هەیە، یان پەیوەندی بە پێشکەشکردنی زاراوەکانەوە هەیە، پشت بە بنەما و میتۆدە دامەزراوەکان دەبەستێت و پێی دەوترێت زاراوەسازی وەک (هێلمی و کورت ـ Helmi & Kurt) بە هێنانەوەی پێناسەی (ISO-1087) دەڵێن: ((زاراوەسازی زانستێکی هاوبەشی نێوان زانستەکانە و پەیوەندی نێوان چەمکەکان و زاراوەکان ڕوندەکاتەوە و وەك زانستێك بەشێوەیەکی زانستییانە لە چەمك و زاراوە بەکارهاتووەکان لە زمانی پسپۆڕیدا دەکۆڵێتەوە))، (Sonneveld and Loening, 1993, 18). زاراوەسازی کلیلی زانستەکانە و شارەزابوون لە زاراوە نیوەی زانستە. لە ڕاستیدا زاراوەسازی، کارێکە سەرنج دەخاتە سەر وەسفی پێکهاتەی زانیاری تایبەت و چۆنیەتی کارکردنی زاراوەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی جیاوازدا، چونکە زاراوەکانی زمان لە هەر بوارێکی

جیاوازدا ئاماژە بۆ چەمکێکی ورد و ڕوون و تایبەت بەو بوارە دەکەن ( Alcina, 2015: 83).

لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دا، زاراوەسازی، ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە چەمکە تایبەتەکان و دەستنیشانکردنی لایەنی زمانەوانی زاراوەکان دەکات، کە یەکەی زانیارییە تایبەتمەندەکان و دەرئەنجامی پەرەسەندنی پرۆسە مەعریفییەکانن. واتە زانستێک، کە لە: پێکهاتە، دروست بوون، پەرەپێدان، بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی زاراوەکان ، لە بوارە پسپۆڕییەکان دەکۆڵێتەوە.

**١-٣ پەیوەندی نێوان چەمك و زاراوە:** چەمك بونیاتێکی عەقڵییە، هێمایەکی زمانەوانی دیاریکراوی هەیە، واتە وێنەی وشەیەکە لە عەقڵدا و بە زاراوە واتاکەی دەردەبڕدرێت. (فیلبەر) دەڵێت: ((زاراوە بریتییە لە بنیاتێکی هزری، لە شتێکی دیاریکراو دارێژراوەو دوو بنەمای گرنگی هەیە، ئەوانیش هێمای زمانی و چەمکە))، (Felber, 1985, 33). چەمك بریتییە لەو شارەزاییەیی و ئەزموونەی کە مرۆڤ بەدرێژای تەمەنی لە دەوروبەرەکەی خۆیەوە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ وەریگرتووە، دەبێتە وێنەیەکی زەینی و زاراوەش واتای دەربڕاوی چەمکەکەیە، چەمك جەخت لەسەر وێنەی زەینی دەکاتەوە، بەڵام زاراوە جەخت لەسەر واتای دەربڕینەکە بۆ چەمکەکە دەکاتەوە. پێوستە ئەوە بڵێین، زۆرجار پەیوەندیەکی بەهێزی ژێربێژی لەنێوان زاراوە و چەمکدا هەیە، ئەم پەیوەندییە گونجاو ڕێکخراوە، بۆ نمونە کە دەڵێین: (گەرمی پێو) دەبێت ئەو ئامێرە تایبەتمەنی پێوانەی گەرمی هەبێت، کۆزانیاری دەربارەی چەمکەکان لە ئاوەزدا بوونیان هەیە، یان کە دەڵێن (ساردکەرەوە) پێوستە تایبەتمەندی ساردکردنەوەی هەبێت، ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی ژێربێژییە لەنێوان زاراوە و چەمکەکەدا بوونی هەیە، وێناکردنی چەمك ناگۆڕێت بە گۆڕانی بوارەکە نەبێت، وەك:

سۆنەر: لەبواری تەندروستی بۆ مرۆڤی نەخۆش (+ گیاندار)

سۆنەر: لە بواری هاتوچۆ و ڕێگاوبان بۆ سەیارە (- گیاندار)

هەر زاراوەیەك کۆزانیارییەك لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، سەرەتا وێنای وینەیی و دواتر چەمکەکە سەرهەڵدەدات، دواتر زاراوەی زمانی بۆ دادەنرێت. لەمەوە دەردەکەوێت، کە هەموو وشەیەك زاراوە نییە، بەڵام هەموو زاراوەیەك وشەیە. ئەرکی پسپۆڕ لە زانستدا مامەڵەکردنە لەگەڵ چەمکەکان و ڕونکردنەوە و پێناسەکردنیانە، ئەرکی زمانەوانیش هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاوە بەپێی دەستوری زمانەکە بۆ چەمکەکان. واتە پرۆسەی پێوانەیی زاراوە لە زانستی زاراوەسازیدا بە دوو لایەن بە ئەنجام دەگەیێنرێت: ((لایەنی ژێربێژی و لایەنی زمانەوانی، لایەنی ژێربێژی، چەمك (وێناکردنە ئاوەزییەکان)ە بە پێوانەیی و یەکخستن، لایەنی زمانەوانیش بریتییە لە ڕێگاکانی دانانی زاراوە و لێکۆڵینەوەی بنیاتی زاراوە))، (هلیل، ١٩٨٩، ١٠).

**٤-١: زمانەوانی یاسایی:** پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان زانستی زمان و زانستی یاسادا هەیە، ئەم پەیوەندیەش پەیوەندیەکی سروشتییە، چونکە زمان بۆ هەموو کارێک بە مەبەستی دەربڕینی بیرۆکە پێویستە، یاسادانەر پێویستی بە زمان هەیە بۆ دارشتنی یاساکان، داواکاری گشتی پێویستی پێی هەیە بۆ گفتوگۆ و نوسینی بڕیارەکان، و دادوەریش پێویستی پێی هەیە بۆ نوسینی حوکم و بڕیارەکان، (مرسی، ١٩٨٩: ١٠). واتە یاساناسێک ناتوانێت هیچ کارێکی یاسایی بکات، مەگەر ئاشنا بێت بە یاساو ڕێساکانی زمانەکەی و ناسینی وشەکانی، پابەند بێت بەو زاراوانەی کە زمانەکەی لە بەکارهێنانی ئاسایی دەری کردون. لەم ڕووەوە زمانەوانیی یاسایی بریتییە لە بەکارهێنانی زانستی زمان بۆ پرسە یاساییەکان. (جیبۆنس) دەڵێت: ((زمانەوانیی یاسایی، لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان و بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکان و بەجێهێنانی مافی خەڵك، لە لێکۆڵینەوەی دۆسیەکانی دادوەری و لێپرسنەوە لە تاوانباران لە بنکەی پۆلیس و ژینگەی زیندان سودی لێوەردەگیرێت)) ، (Gibbons, 2003: 15) واتە: زمانەوانیی یاسایی ڕوکارە لەنێوان (زمان، ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ، یاسا)، چونکە ئەم زانستە تێکەڵاوی و ڕووبەڕوو هاوبەشەکانی نێوان زمان و یاسا دەخاتەڕوو. وەك جێبەجێکردنی یاسا، بابەتە دادوەرییەکان، یاسادانان، ناکۆکییەکان، پێشێلیکردنی یاسا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەندێک پێشێلکردنی یاسا، بەدوای چارەسەرێکی یاساییدا دەگەڕێت. بە لەبەرچاوگرتنی ناوەندییەتی بەکارهێنانی زمان بۆ ژیان بەگشتی و یاسا بە تایبەتی، کەواتە دەتوانین بڵێین: زمانەوانیی یاسایی، بریتییە لە بەکارهێنانی زانیاری زمانەوانی، شێواز و تێڕوانینەکان بۆ چوارچێوەی یاسایی یاسا، لێکۆڵینەوە لە تاوان، دادگاییکردن و ڕێکاری دادوەری، ...هتد.

لەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە زمانەوانیی یاسایی، زانستێکە لێکۆڵینەوە لەو دەقە گوتراو و نوسراوانە دەکات، کە پەیوەندییان بە زانستی یاسا و تاوان و کێشە یاساییەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی کەسانی ئاسای و پسپۆڕەکانی ئەم بوارە لێی تێبگەن، واتە بەکارهێنانی زمانەوانییە بۆ پرسە یاساییەکان.

## ٢- بەشی دووەم: بنەماکانی دارشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا:

ئەم بەشە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، لەم بەشەدا باسی بنەماکانی دارشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا دەکەین، بۆ هەر بنەمایەك دوای ناساندن و باسکردنی بنەمایەکە، چەند زاراوەیەکی تایبەت بەو بنەمایە لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکەکانی بواری یاسادا، کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەمان پێکردوون دەهێنینەوە و لە شوێنی پێویست چەند لایەنێکی ئەم زاراوانە، وەك: دیاریکردنی جۆری زاراوەکە لەڕوی پێکهاتنەوە، شێوەی دارشتەی زاراوەکە، ڕاستنوسی زاراوەکە، لە ئاستی وشەسازیدا دەخەینە بەرچاو، واتە چەند دیاردەیەکی زمانیی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دەخەینەڕو، هەندێکجاریش لەو شوێنانەی کە پێویستە ئاماژە بە ئاستەکانی تری زمان، وەك ئاستی فۆنۆلۆجی و ڕستەسازی و واتاسازی دەکەین، وەك واتای زاراوەکە لە

بواری یاسا و واتای سەر زاریی خەڵك، بە ڕستە و نمونەی گونجاو ڕوندەکەینەوە. بنەماکان بریتیین لە:

**١ـ٢: داڕشتن (Derivation):** داڕشتن یەکێکە لە بنەما چالاکەکانی زمانی کوردی، بۆ داڕشتنی وشە و زاراوەی نوێ، هەروەها لە داڕشتنی زاراوەی نوێ لە بواری یاسادا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە شارەزایانی زمان و شارەزایانی ئەم بوارە توانیویانە زاراوەیەکی زۆر بخەنە سەر خەرمانی وشەکانی بوارەکە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین: داڕشتن بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕۆنانی وشەیەکی نوێ لەڕوی فۆڕم و واتاوە بۆ نێو فەرهەنگی زمان، ئەم ڕێگایە بنەمایەکی بەپێزە بۆ داڕشتنی زاراوەی یاسایی، (ستاگەبێرگ) لە بارەی داڕشتنەوە دەڵێیت: ((داڕشتن: دروستکردنی وشە نوێکانە، لە تێکەڵکردنی گیرەکە داڕێژەرەکان، یان بەندە بناغەییەکان لەگەڵ بنەڕەتی وشەکان، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی فۆڕم و واتای نوێ))، (Stageberg, 1981:121). واتە وشەی داڕێژراو لە کەرستەیەکی سەربەخۆ و پێشگر و پاشگرێك یان کەرستەیەکی سەربەخۆ و هەردووکیان دادەڕێژرێت و وشەیەکی نوێ و واتایەکی نوێ دێنێتە نێو فەرهەنگی بوارەکەوە. ئەم ڕێگایە، یەکێکە لە بنەما هەرە باوەکانی پرۆسەکانی پێکهێنانی وشە و زاراوە. ((هەندێک لە زمانەوانەکان بە ڕێگای داڕشتن دەڵێن (ڕێگا بەپێزەکەی زمان)، (Argenis, 2007: 7). بەهۆی تێبینیکردنمان لە سەرچاوەکانی بواری یاسا، بۆمان دەرکەوت زاراوەیەکی زۆری بواری یاسا بەهۆی ئەم بنەمایەوە داڕێژراون، وەك: (لێبوردن، بڕیار، لێپرسینەوە، دانیشتن، دادوەر، دادگا، بەڵگە، تەبایی، هێشتنەوە، قوربانی، دزیکاری (گەندەڵی)، ڕاسپاردن، ...هتد). لە خوارەوە چەند نمونەیەکیان ڕوندەکەینەڕو:

**ـ لێبوردن:** ئەم زاراوەیە وشەیەکی بنەڕەتی فەرهەنگی زمانی کوردییە، ناسادەیە، داڕێژراوە. لەڕوی پێکهاتنەوە لە (پێشگری (لێ) + چاوگی (بوردن)) پێکهاتووە. واتە لە (مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ (لێ) + مۆرفیمی سەربەخۆی چاوگی (بوردن)) دروستکراوە. واتاکەی لەبواری یاسادا بریتییە لە لێخۆشبوون (بەخشین)، (عەفوکردن (اعفاء))، واتە تاوانلێکراو لە تاوانبار خۆش دەبێت و عەفوی دەکات. یان هەندێکجار (حکومەت لە تاوانبار خۆش دەبێت)، وەك دەوترێت (حکومەت لێبوردنی گشتی دەرکرد.) یان (فلان کەس بەر لێبوردنی گشتی کەوت.)، بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو (لێبورین)ە. ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی گشتیش بەهەمان واتا بەکاردێت. واتە کەسێك کاتێك ناهەقییەك بەرانبەر بە کەسێکی تر دەکات. دەڵێن پێوستە داوای لێبوردنی لێبکەی. یان دەڵێت: داوای لێبوردن دەکەم.

**ـ بڕیار:** ئەم زاراوەیە وشەیەکی بنەڕەتی زمانی کوردییە. وشەیەکی داڕێژراوە لە (ڕەگی بەند (بڕ) + پاشگری داڕشتن (یار)) پێکهاتووە، ئەگەر لەڕوانگەی بنەمای مۆرفیمیش شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بریتییە لە: (بناغە+ پاشگری داڕشتن)، ئەم زاراوەیە هەم لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و هەم لە بواری یاساشدا بەکاردێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە کاتێك لە زمانی یاسادا بەکاردێت، زاراوەکە جۆرێك لە فەرزکردنی تێدایە، کە دەبێت ملکەچی بێت، بۆ نمونە لەکاتی دادگایکردندا، دەگوترێت:

ـ بڕیارم دا بە بەندکردنی تاوانبار بۆ ماوەی یەك ساڵ.


**ـ لێپرسینەوە:** هەندێکجار، بۆ دروستکردنی وشەی داڕێژراو سود لە پێشگر و پاشگر بەیەکەوە وەردەگیرێت، واتە پێشگر و پاشگر بەیەکەوە دەچنە سەر زاراوەیەك و زاراوەکە لە سادەوە بۆ ناسادە دەگۆڕن و فۆڕم و واتای نوێی پێدەبەخشن، وەك: (پرسین: لێپرسینەوە).

لێپرسینەوە لە (پێشگری نابنچینەیی (لێ/ کە لە پریپۆزشنی (لە) وەرگیراوە) + چاوگ (پرسین)+ پاشگر (هوە)) پێکهاتووە، زاراوەیەکی ناسادەیە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەکەی لە (مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ + مۆرفیمی سەربەخۆ + مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ) پێکهاتووە، ئەم زاراوەیە بە عەرەبی (استجواب)ە، بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو (بەرسیڤدان)ە. لەڕوی واتاوە، واتە: لێپرسینەوە لە تۆمەتبار بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی نادروست لەلایەن دادگاوە دەکرێت. لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەم زاراوەیە بەهەمان واتا بەکاردێت. وەك لێپرسینەوەی دایك و باوك لە منداڵ، یان مامۆستا لە خوێندکار، ...هتد. بەڵام پێوستە ئەوە بڵێین، کاتێك لەبواری یاسادا لێپرسینەوە دەکرێت، ئەگەر تۆمەتبار، تاوانبار دەرچوو بەپێی قەبارەی تاوانەکەی، بەپێی تەمەن، ...هتد سزا دەدرێت.

بۆ شیکردنەوەی زاراوەکان وا باشترە، کە وردتر شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، گرنگی بە خستنەڕوی زانیاری (فۆنۆلۆجیی، مۆرفۆلۆجیی، سینتاکسیی، واتایی)یان بدرێت، جا هەر کەرستەیەکی زمان، چ مۆرفیم یان وشە بێت، مۆرفیمی ئازاد و سەربەخۆ یان بەند بێت. پێوستە زۆر بەوردی لە هەموو ڕوێکەوە لێی بکۆڵرێتەوە و تایبەتمەندی لە هەموو ئاستەکانی زماندا بخرێتەڕو، چونکە گرنگە بزانین قسەکەری هەر زمانێك چ جۆرە زانیارییەکی پێوستە لەبارەی وشە و کەرستەکانی زمانەکەیەوە، تا بتوانێت ئەو کەرستانە لە ئاخاوتندا بەکاربهێنێت، بۆ ڕونکردنەوەی قسەکانمان یەك پێشگر وەردەگرین، کە زاراوی یاسایی دروستکردووە، چونکە لە توێژینەوەیەکدا تەنها ئەوەندە بوار دەبێت ناتوانین بەم شێوە وردە شیکردنەوە بۆ ئەو هەموو پێشگر و پاشگرە بکەین، کە زاراوەی یاسایی داڕێژراویان پێکهێناوە.


**نمونەیەك بۆ پێشگر: (پێشگری دا ـ):**

ـ ئەم پێشگرە پێشگرێکی زۆر چالاك و بە بڕشتە لە بواری داڕشتنی زاراوەی یاسایدا، بەهۆی ئەم پێشگرەوە چەندین وشە و زاراوەی نوێ بە بەفۆرم و واتای تازەوە هاتونەتە ناو بوارەکەوە، بەهێڵکارییەك ئەو زاراوانە نیشاندەدەین، کە بەهۆی ئەم پێشگرەوە بەرهەمهاتوون، وەك: دانیشتن (جلسة)، دابڕین، داسەپان، دابینکردن، داماڵین، دانوسان، داهات، داکۆکی، داخوازی، داڕێژەر، دابەشکردن، دانپێدانان، ...هتد.





ـ ئەم پێشگرە بە گشتی ئاڕاستە و جوڵە و واتای خوارەوە، واتە لەسەرەوە بەرەو خوارەوە و بەرەو زەوی دەگەیەنێ، وەك: (داگرتن، دانان، داکەوتن، دادانەوە)، بەڵام لە هەندێك وشەدا ئاڕاستەکەی ڕون نییە (لیژنەی زمان و زانستەکانی، ١٩٧٦: ٢٣٧). وەك: دانوشتاندن، داچڵەکین، دابڕدابڕ، ...هتد.

ئەگەر پێشگری (داـ) لە زاراوەیەکی وەکو (دانیشتن) وەربگرین، پێویستە هەروەك چۆن گرنگی بە وشە بنجەکە دەدەین بە وردی شیدەکەینەوە، بە هەمان شێوەش گرنگی بە پێشگری (دا ـ)ش بدەین، لەم نمونەیە دا ئەگەر لێکسیمی (نیشت) وەك بنج یان قەد وەربگرین پەرەدایمی ئەم فۆرمانەی خوارەوەی دەبێت: (نیشتە، نیشتەکی، نیشتەنی، (دانیشتن/ جلسە)، هەڵنیشت، ڕۆنیشت، نیشتوو، تێنیشت، لێنیشت)ی لێدەکەوێتەوە، ئەمە دەچێتە بواری پەرەدایمی وشەداڕێژەکان، لەلایەکی تر فۆڕمی جیای یەك وشەن.




دەکرێ لە بەرانبەر ئەمانەدا پەرەدایمی ڕێزمانی بەکاربێنین، لێکسیمی (نیشتن) وەربگرین. لە گەردانکردنی ڕێزمانیدا (نیشتن/ کردار) دەبێتە: نیشت. دەنیشێت، نیشتبوو، نیشتبا، نیشتووە، بنیشە.




بەمەش دەکرێت بڵێین: ((پەرەدایم، چەند پەیوەندییەکی فۆرمییە، کە هەمان بنجیان هەیە، بەڵام گیرەکی جیاوازیان هەیە))، (قادر، ٢٠٠٩: ٣٤). کە جیاوازی گیرەکی ڕێزمانی و وشەداڕێژ دەردەخات.

ـ لەڕوی واتاوە، هەندێکجار ئەو وشە داڕێژراوانەی، کە پێشگری (داـ) بەشداری دروستبوونی دەکات، پەیوەندی واتایی لەنێوان وشەی بنج و وشە داڕێژراوەکە هەیە، وەك: (ماڵین: داماڵین)، (پەستان: داپەستان)، بەڵام هەندێکجاریش ئەمە ڕاست دەرناچێت لەڕوی واتاوە وشەی بنج لە وشەی داڕێژراو دادەبڕێت، وەك: (مان: دامان)، (هێنان: داهێنان)، (گرتن: داگرتن).

ـ هەندێکجار لێڵی یان نادیاری دروستدەکات، ئەمەش زۆرتر لەو ڕستە کورتانە ڕوودەدات، کە هەندێ کەرەستەیان وەکو کارا یان بەرکار بە جێناوی لکاو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

دەنوێنرێت. واتە لە دیاردەی مۆرفۆسینتاکس. ئەم فرەواتا و لێڵییەش لە چوارچێوەی قسەکردن ڕوندەبێتەوە:

دانیشتن: وشەی داڕێژراو (چاوگی داڕێژراوی دانیشتن، وەك دانیشتنی پەرلەمان، لە بواری یاسا واتە جەلسە).

دانیشتن: ڕستە: ئەوان دانیشتن (مۆرفۆسینتاکس).

**بنەمای دارشتن و دیاردەی هاپلۆلۆجی (Haplology):**

ئەم دیاردەیە لەلایەن زمانزانێکی ئەمریکی (ماوریس بلومفیلد)ەوە لە سەدەی بیستەمدا دەستنیشانکرا، ئەم زاراوەیە لە مۆرفۆلۆجیدا بەکاردێت، لە سیاقی وەسفی و مێژوییدا بۆ ئاماژەکردن بۆ لەناوچونی هەندێ دەنگ لە دەربڕیندا، کە وەکو یەکن و لەپاڵ یەکن بەکاردێت (Hock, 1986: 109). مەبەست لە سیاقی مێژوویی و وەسفی ئەوەیە، وشەکە لە کۆن و بنەچە چۆن بووە و ئێستا چۆنە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا، وەك:

Engla land⟶ England

لە زمانی کوردیدا، وەك: ڕێککەوتن ڕێکەوتن.

بەمە دەکرێت بوترێت سێ هۆکار ڕۆڵ دەبینن لە ئەنجامدانی ئەم لەناوچوونە:

١ـ هۆکاری ناوەکی: پەیوەندی بەسیستەمی دەنگی زمانەکەوە و جۆری زمانەکە لەڕوی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە.

٢ـ هۆکاری دەرەکی: لەوانەیە بۆ کلتوری زمانەکە بگەڕێتەوە ( Lyons, 1990: 57).

٣ـ هۆکاری ئاسان دەربڕین: زمان هەمیشە هەوڵدەدات بەرەو ئاسانبوون بڕوات، هەوڵدەدات بەکەمترین دەربڕین و کەمترین وزە، زۆرترین زانیاری بگەیەنێت. بۆیە هەندێکجار لەکاتی قسەکردندا دەنگێك یان زیاتر لەناودەچێت.

هەر زمانێك بەپێی بەسەرچوونی ژیانی زمانەکە، ئەگەر جۆری زمانەکە بگۆڕێت ئەم دیاردەیەش لە زیادبوون و کەمبووندا دەبێت، بۆ نمونە: ((زمانی کوردی سروشتەکەی لەو جۆرەیە کەوا زۆر بە فراوانی ڕێگا بەو دیاردەیە نادات))، (قادر، ٢٠٠٩: ٣٧). بەتایبەتی بۆ هەندێك بوار، بۆ نمونە لەبواری یاسادا زۆر ڕێگەپێدراو نییە، چونکە بەکارهێنانی زمان بۆ هەر پێڕەوێکی یاسایی یەکلاکەرەوەیی و حەتمییە، بەو واتایەی ئەو زاراوەیە ئیدی دەبێتە زمانی حوکم و پەیڕەوکردن، بەجۆرێک بەهۆیەوە هەم ژیان و ڕەفتاری تاک سنوردار دەکرێت، هەم حوکم لەسەردراو وابەستەی حوکمی ئەو زمانە دەبێت، بێگومان ئەمەش جیاوازە لە یەکلاکەرەوەیی بەکارهێنانی زمان لە پێڕەوبەندی بابەتەکانی دیکە، بۆ نمونە وەک لە سیستمی سیاسیدا. لەبەرئەوەی بواری یاسا بوارێکی زۆر هەستیارەو پەیوەندی بە: (ژیان، ئەرك و ماف، سزا)هوە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر بەلابردنی ئەو دەنگە یان ئەو بڕگەیە واتای وشەکە بگۆڕێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك، نابێت دەنگەکە یان بڕگەکە لابدرێت، وەك ئەم نمونەی:

**ڕێککەوتن:** ئەم زاراوەیە لە سێ بڕگەی (ڕێك/ کەو/ تن) پێکهاتووە، ڕێککەوتن (اتفاق): واتای ئیتیفاق و ڕێککەوتنی نێوان دوو کەس، یان دوو لایەن یان دوو وڵات دەگەیەنێت. لە فەرهەنگی حقوقی دادپەروەر بەم جۆرە پێناسەی ڕێککەوتن (Agreement) کراوە: ((پێکهاتن لەسەر بیرۆکە یان لە بڕیارێکدا. پێکهاتن لە پەیوەندی بە پێشنیارێك. لە حقووق دا، پێکهاتوویی و نیەت و مەرامی دوو یان چەند لایەن لە پێوەندی لەگەڵ ماف و حقووق و ئەرکەکانی خۆیان یان لە پێوەندی لەگەڵ هێندێك لە ڕاستییەکانی ڕابردوو یان داهاتوو یان لە پێوەندی لەگەڵ دەستکەوتگەلی پێوەندیدار بە ڕابردوو یان داهاتوو. ڕەزامەندی دوو یان چەند کەس لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگواستنی هێندێك لە ماف، ماڵ و سامان یان بەرژەوەندییەکانیان بە مەبەستی پەسندکردنی ئەستۆگرییەکانی دوولایەنە و بەرامبەر. ڕێککەوتننامە نوسراوە یان بەڵگە و ڤێسێنك کە نیشاندەری پێکهاتوویی و پێکهاتنە))، (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٦٣). وەك: ڕێککەوتنی خێزان، ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی، ڕێککەوتنی زارەکی، ڕێککەوتنی ئاشکرا، ڕێککەوتنی سەرەتایی، ڕێککەوتنی دۆستانە، ڕێککەوتنی هەمەلایەنە، ...هتد. بەڵام ئەگەر بێت و یەکێك لە (ك)هکان لابەرین دەبێتە (ڕێکەوتن: ڕێ/ کەو/ تن)، واتە: بەلابردنی دەنگی (ك) لە بڕگەی یەکەم، واتە: لە مۆرفیمی وشەداڕێژی (ڕێك) ئەوا وشەکە دەبێتە (ڕێکەوتن) واتاکەی لە پێکهاتنەوە، بۆ جوڵە و ڕۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، وەك: ئاری و ئەحمەد بەرەو تورکیا بەڕێکەوتن. واتە :(ئاری و ئەحمەد بەرەو تورکیا ڕۆیشتن.)

ئەم دیاردەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی، واتە ئەگەر دیاردەکە بەهۆکاری فۆنۆلۆجیش بێتە ئاراوە، کاریگەرییەکەی دەچێتە بواری مۆرفۆلۆجییەوە. وەك لەم نمونەی سەرەوەدا بە ڕونی دیارە، کە فۆنیمی /ك/: لە بڕگەی یەکەم، لە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژی ڕێك تێداچووە. بڕگە دەکەوێتە سنوری فۆنۆلۆجی و مۆرفیم دەکەوێتە سنوری مۆرفۆلۆژییەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین (هاپلۆلۆجی) یەکێکە لە دیاردە مۆرفۆفۆنیمییەکان.

ئەم زاراوەیە لەناو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکاندا، بەم شێوانە تۆمارکراوە: لە فەرهەنگۆکی زاراوەی یاسایی لەلاپەڕە (٥)دا بە (اتفاقا/ بەرێکەوتن) تۆمارکراوە. لە فەرهەنگۆکی یاسا پارێزی لاپەڕە (٧) بە (رێککەوتن، پێکهاتن) نوسراوە. لە فەرهەنگی قانونی لاپەڕە (٢٥) بە شێوەی (پێکهاتن، رێککەتن) نوسراوە. لە فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان لە لاپەڕە (١٠٣) (یەکرایی، رێککەوتن) و لە فەرهەنگی دادگا لە لاپەڕە (١٠) رێککەوتن نوسراوە. دەتوانین بڵێین لە هەموو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکاندا، ئەم زاراوەیە راست نوسراوە، جگە لە فەرهەنگۆکی (زاراوەی یاسایی)، کە بەشێوەی (بەرێکەوتن) نوسراوە، پێوستە بەشێوەی (بە رێککەوتن) بنوسرێت.

**٢-٢: لێکدان (Compounding):** لێکدان یەکێکی ترە لەو بنەمایانەی کە رۆڵی سەرەکی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە وشە و زاراوەی نوێ بەگشتی و زاراوەی بواری یاسا بەتایبەتی هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەی یاسایی بەپێی ئەم بنەمایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بوارەکە دروستبوون، لێکدان رێگایەکە لە رێگا چالاك و بە برشت و پڕ بەرهەمەکان، کە لە لێکدانی دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت. بەهۆی ئەم بنەمایەوە زاراوەی لێکدراو، لە لێکدانی دوو مۆرفیمی سەربەخۆی، وەك: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، رەگ، قەد، چاوگ) بەهۆی ئامراز یان بەبێ ئامراز دروست دەبێت. ئەو وشانەی لێکدەدرێن هەندێکجار لەیەك پۆلن، وەك: کارنامە: (ناو + ناو)، توندوتیژ: (ئاوەڵناو + ئاوەڵناو)، هەندێکجاریش پۆلییان جیایە، وەك: دەستپیس: (ناو + ئاوەڵناو)، پەیمانشکێن: (ناو +رەگی کار).

واتە ئەم رێگایە بریتییە لە ((چوونە پاڵیەکی دوو وشە یان زیاتر بۆ دروستکردنی یەك وشە، کە بەشێوەی یەك وشە دەنوسرێت و وەك یەك وشە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و ناتوانین پارچە پێکهێنەکانی پاش و پێش بکەین))، (stagaberg,1981: 121). واتە: لێکدان کاتێک ڕوودەدات، کە دوو وشە یان زیاتر کۆببنەوە و یەک وشە یان دەستەواژەیەک پێکبهێنن، پێکهاتەکە وەك وشەیەکی سەربەخۆ کاردەکات، فۆرم و واتایەکی جیای هەیە، بەراورد بە پارچە پێکهێنەکانی.

زاراوە لێکدراوەکان کەرتەکانی چەسپاون و جێگۆرکێ ناکەن و لەیەکتر دورناکەونەوە و فراوان ناکرێن و هەموو زاراوەکە تاکە هێزێکی سەرەکی وەردەگرێت، ئەگەر جێگۆرکێ بە کەرتەکانی بکرێت دەرکردەکەی یان واتایەکی جیاواز دەبەخشێت، یان واتاکەی تێکدەچێت (ڕەمەزان، ٢٠١٥: ٢٨). لە خوارەوە چۆنیەتی دروستکردنی زاراوەی یاسایی لێکدراو دەخەینەڕو:

**١- ناو + ناو:** دادپەروەر، مافپەروەر، سەرپشك، داوانامە، ژیاننامە، گەڵاڵەنامە.

**٢- ناو+ چاوگ:** مارەبڕین، ئازادکردن، بڕیاردان، یاسادانان، پەیڕەوکردن، سوێنددان، تیرۆرکردن، تاوانبارکردن.

**٣ - ناو + ئامراز + ناو:** ڕووبەڕو، بارودۆخ، تیروپشك، خستنەڕو، دابونەریت.

**٤ - ناو + رەگی کار:** یاسازان، یاساناس، میراتگر، پیاوکوژ، دەستبڕ، باجگر، پیلانگێڕ، دادنوس، دادپرس، رێگر.

**٥- ناوی سادە + ئامراز + رەگی کار:** سەرەڕۆ، خوشکەزا.

**٦- ناو + رەگی کار + (ـ هر):** بەرتیلخۆر، مەیخۆر، سوێندخۆر، موچەخۆر، میراتبەر.

**٧- ناو + ناو (چاوگ) + (ـ هوە):** بیرهاتنەوە، بیرکردنەوە، دەستکردنەوە، جێگرتنەوە، رەنگدانەوە.

**٨- ناو+ رەگی کار+ (ـ ار):** داواکار، وردکار، دادکار، قۆرخکار، ستەمکار، سەبەبکار، هەرزەکار.

**٩ - ناو + ئاوەڵناو:** سەرڕاست، کەلەڕەق، داوێن پیس، دڵپیس، داوێن پاك، دەستپاك.

**١٠- ناو + قەد:** پەلبەست، دەستکرد، سەربەست، دەستکەوت.

**١١ - ناو + ئامراز + قەد:** دەستوبرد.

**١٢ - دوبارەبونەوەی ناو بە یارمەتی ئامراز:** بڕگەبەبڕگە، دەستبەدەست، دەستاودەست، دەنگەدەنگ.

**١٣ - ئاوەڵناو + چاوگ:** ئاشکراکردن، ئارامگرتن، ئەتککردن، توندکردن، توڕەبوون، گەورەکردن.

**١٤ - ئاوەڵناو + رەگ:** زیانبەخش، رەوانبێژ، ئاڵوگۆڕ.

**١٥- ئاوەڵناو + ناو (چاوگ) + (ـ هوە):** کەمکردنەوە، ڕونکردنەوە، ئارامکردنەوە، ساردکردنەوە.

**١٦ - ئاوەڵناو + ئامراز+ ناو:** زۆرەملێ، دژبەیەك، دژەداوا، کەموکوڕی، ڕەشوڕوت.

**١٧- ئاوەڵناو + رەگی کار + (ـ هر):** حەرامخۆر، بەرتیلخۆر.

**١٨- ئاوەڵناو + رەگی کار + (ـ ار):** ساختەکار، خراپەکار.

**١٩ - ئاوەڵناو + ئامراز + ئاوەڵناو:** توندوتیژ، گەورە بە بچوك، دزەدز.

**٢٠ - رەگی کار + ئامراز + رەگی کار:** گفوگۆ، مشتومڕ، ترس و لەرز.

**٢١- ئاوەڵکار + ناو یان ئاوەڵکار + چاوگ:** پێشنیاز، پەلەکردن.

**٢٢ - ئاوەڵکار + ئامراز+ ناو:** زەبروزەنگ، دورەپەرێز، زیادەڕۆیی، پاشەڕۆژ.

**٢٣- ئاوەڵکار + ئامراز + ئاوەڵکار:** سەروژێر، پەلەپەل، لابەلا، دوربەدور.

**٢٤- چاوگ + ئامراز + ئاوەڵکار:** هێنانەپیش، هێنانەدوا.

**٢٥- جێناوی خۆیی + چاوگ:** خۆکوشتن، خۆسوتاندن، خۆخنکاندن.

**٢٦- ژمارە + چاوگ:** یەکگرتن، دوودڵبوون.

**٢٧- ژمارە + ناو:** سێدارە، دووبارە.

**٢٨- ژمارە + ئامراز + ژمارە:** سێ بەسێ/ (تەلاق)، دوو بەیەك (میرات لە شەرع)، یەك بەیەك (میرات لە یاسا).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

- چەند جۆرێكی تری وشەی لێكدراو:
- **ـ لێكدراوی دارێژراو:** لەم جۆرە زاراوە لێكدراوەدا، بەشێكی زاراوەكە دارێژراوە، واتە مۆرفیمی وشەدارێژی تێدایە، وەك:

**زۆرلێكردن:** زۆرلێكردن، زاراوەیەكی ناسادەیە، لە جۆری لێكدراوی دارێژراوە، لەڕوی بنەمای پۆلەوە لە: (ئاوەڵناو + چاوگی ناسادە)، (ئاوەڵناو (زۆر) + پێشگر (لێ) + چاوگ (كردن)) دروسبووە. دارشتنە مۆرفۆلۆژییەكەی لە: (مۆرفیمی سەربەخۆ+ مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ + مۆرفیمی سەربەخۆ) پێكهاتووە. ئەم زاراوەیە، زاراوەیەكی بنەڕەتی فەرهەنگی زمانی كوردییە، لەبواری یاسا و لە ئاخاوتنی ئاسایی ژیانی رۆژانەی خەڵكیش بۆ هەمان مەبەست بەكاردێت. ((مەبەست ناچاركردنی كەسێكە بۆ كردنی كارێك یان نەكردنی، كە هەردوكیان نا قانوونی ین، لەم حاڵەتەدا رەزامەندیەتی كەسی زۆرلێكراو نامێنێت))، (تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ٧١). چەند نمونەیەكی تر: (رێپێدان، گێچەڵ پێكردن، جێبەجێكردن، هەڕەشەلێكردن، دەستلێهەڵگرتن، دەستتێوەردان، تانەلێدان، رێلێگرتن، ...هتد).

**ـ وشەی لێكدراوی موتوربەكراو (بیانی ـ كوردی/ كوردی ـ بیانی):** لەم رێگایەدا كۆدەكان لەنێوان دوو زمان یان زیاتر تێكەڵ دەبن و وشە و زاراوەكان دوو زمانین، واتە بەشێكیوشەكە هی زمانێكی بیگانە و بەشەكەی تری زمانی كوردییە، واتە هەندێكجار وشەی لێكدراو، بەشێكی بیانی و بەشێكی كوردییە، زۆرجار بەشە بیانییەكە دەكەوێتە ژێر كاریگەری فۆنۆلۆجی زمانی كوردی، وەك:

**فەراهەمكردن:** زاراوەی (فەراهەم) لە زمانی فارسی وەرگیراوە (محەمەدئەمین، ٢٠١٥: ١٤٣)، پاش ئەوەی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە، كە بریتییە لە (گۆڕانی دەنگی)، چونكە بنەڕەتی وشەكە لە زمانی فارسیدا بریتییە لە (فراهم)، بەڵام لە زمانی كوردیدا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ یاسای فۆنۆلۆجیی زمانەكە، بگونجێت، ئەگەرچی لە زمانی كوردیدا وشەیەكی پڕاوپڕمانەهەیە، كە هەمان مەبەست دەپێكێت، كە ئەویش بریتییە لە: (دابینكردن)، بەڵام (فەراهەمكردن)یش بەكاردێت. ئەم زاراوەیە لە بواری یاسا و زمانی ئاخاوتنی رۆژانەش بۆ هەمان مەبەست بەكاردێت. چەند نمونەیەكی تری موتوربەكراو:

وەفاتنامە: عەرەبی (الوفاة) + كوردی (نامە)

قەرزكردن: عەرەبی (قرض) + كوردی (كردن)

بەدڕەوشت: فارسی (بەد) + كوردی (ڕەوشت)

تیرۆركردن: ئینگلیزی (Terror) + كوردی (كردن)

كاشدان: ئینگلیزی (cash)+ كوردی (دان)

ئابونەوەرگرتن: فەرەنسی (Abonnee) + كوردی (وەرگرتن)، (تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ٥٥)

**٢ ـ ٣: داتاشین (Blending):** ئەم رێبازە وەك رێبازی لێكدان سود لە دوو وشە یان زیاتر وەردەگرێت بۆ دروستكردنی وشەیەكی تازە، بەڵام لە یەكێك لە وشەكان یان هەردوو وشەكە دەنگێك یان زیاتر بەمەستی ئاسانی دەربڕین دەسوێت. بەجۆرێكی تر داتاشین: بریتییە لە وەرگرتنی پارچەی دوو وشە، لە پاش لادانی دەنگێك یان زیاتر لە هەریەكەیان و دواتر لێكدەدرێن و وشەیەكی نوێ دروستدەبێت، كەواتە: داتاشین، كە بە عەرەبی پێیدەڵێن (طريقة النحت): ((رێبازێكە بۆ سازكردنی زاراوەی نوێباو لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فرێدانی دەنگێك یان زیاتر لە یەكێك لە وشە سادەكان یان لە هەردووكیان))، (كامل بەسیر، ١٩٧٩: ٧٠) دواتر بەهۆی لێكدانەوە زاراوەیەكی نوێ پێكدێت، وەك: (تەلیكۆم) لە (تەلەفۆن) و (كۆمپانیاوە) بەرهەم هاتووە، بە وەرگرتنی بەشی یەكەم (تەل) لە (تەلەفۆن) و بەشی یەكەمی (كۆم) لە (كۆمپانیا)هوە پێكهاتووە.

ستەیجبێرگ (١٩٨١: ١٢٤) رونی كردەوە، كە داتاشین پرۆسەیەكی دیكەی دروستكردنی وشە و زاراوەیە، كە بریتییە لە تێكەڵبوونی دوو وشە بۆ پێكهێنانی یەک وشە، بەگشتی لە بەشی یەكەمی وشەیەک لەگەڵ بەشی كۆتایی وشەیەكی تر پێكدێت. هەروەها ئایەتوڵا دەڵێت: ((داتاشین پرۆسەیەكی تری پێكهێنانی وشە و زاراوەیە، كە بریتییە لە تێكەڵكردنی دوو وشە بۆ دروستكردنی وشەیەكی نوێ))، (Ayatollah, 2004:17). ئەم پرۆسەیە، بە گرتنەبەری تێكەڵكردنی سەرەتای وشەیەك و كۆتایی وشەیەكی تر دروست دەبێت، ئەم پرۆسەیە زیاتر لە بواری زانست و راگەیاندندا سودی زۆری لێوەردەگیرێت، وەك:

Smoke + fog smog Breath + analyzer breathalyzer ، ( )Ayatollah, 2004:17)

زانین + كۆكردنەوە زانكۆ

رۆژنامە + گۆڤار رۆڤار

واتە لە داتاشیندا، زۆرجار بەشی كۆتایی وشەی یەكەم و بەشی سەرەتای وشەی دووەم ون دەبێت، وەك ئەوەی لە نمونەكانی لای سەرەوە دیارە. هەندێكجاریش وشەی یەكەم بەشێكی لەناو دەچێت، بەڵام وشەی دووەم هیچی لەناو ناچێت، وەك: سینتاكس و پراگماتیك = سینتاپراگماتیك.

هەرچەندە لە زمانی كوردیدا ئەم پرۆسەیە، پرۆسەیەكی زۆر چالاك و بەبڕشت نییە بۆ دروستكردنی زاراوەی یاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بۆ دروستكردنی زاراوەی نوێ سودی لێوەربگیرێت، وەك:

دەست + پێكردن دەستپێك، دەسپێك

**٤ـ٢: وەرگرتن (Borrowing):** مەبەست لە وەرگرتن، گواستنەوەی زاراوەیەكە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر. لە وەرگرتن دوو شێواز هەیە: شێوازی یەكەم شێوازی خۆماڵیكردن: لەم جۆرە وەرگرتنەدا زاراوەكە بە دەستكارییەوە وەردەگیرێت، بەشێوەیەك لەگەڵ فۆنەتیكی زمانی كوردیدا بگونجێت و یاساكانی رێزمانی كوردی بەسەردا بچەسپێت، هەر بۆیەش بە پرۆسەكە دەوترێت

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

(خۆماڵێکردن یاخود کوردان)، وەك: (ثروت: سەروەت، حساب: حیساب، عیب: عەیب، اثبات: ئیسپات، ظالم: زاڵم، المهر: مارەیی، میراث: میرات، باطل: بەتاڵ، ... هتد).

شێوازی دووەم وەرگرتنی زاراوەی هاوردەکراو: وشە وەك خۆی بەو واتایەی کە لە زمانی سەرچاوەدا بەکاردەهێنرێت، بە هەمان واتاش لە زمانی مەبەستدا کاری پێدەکرێت، واتە بە هەمان فۆرم و واتا وەردەگیرێت، وەك: (تەکنیك، مافیا، پۆلیس، پاسەپۆرت، لیست، کاش، فۆرم، راپۆرت، ئاژانس، ...هتد).

ـ وەرگرتن چەند شێوەیەکی هەیە، هەندێك وشە و زاراوەی وەرگیراو لە مێژە هاتونەتە نێو زمانی کوردی و تێیدا تواونەتەوە و هەموو کوردێك تێیان دەگات، وەك: (تەڵاق، شایەد/ شایەت، شکات/ شکایەت).

ـ جۆرێکی تر بریتییە لە وەرگرتن بە ڕوخسار بێگانە و بە نێوەرۆك کوردی، وەك: (قەوڵ، قەتڵ، حورمەت، عاسێ، عەجایب، ... هتد) ئەوە نیشانەی زیندویی و سەربەخۆیی زمانەکەمانە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو وشانە بە موڵکی حەڵاڵی خۆمانی بزانین و بێ ترس و دڵەڕوکێ بەکاریان بهێنین، ڕەنگە هەندێك کەس وای بە بیردا بێت بۆ نمونە (قەتڵ) عەرەبییەکی ڕوتە و بە ڕوخسار و نێوەرۆکەوە هاتۆتە نێو زمانەکەمانەوە، بەڵام وا نییە، چونکە (قەتل) لە عەرەبیدا (کوشتن) دەگەیەنێت بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵام (قەتڵ) لە کوردیدا، تەنها بۆ کوشتنی بە ناهەق بەکاردەهێنرێت. (حورمەت)یش لە عەرەبیدا (قەدەغە و حەرام بوون) و (ڕێزگرتن) دەگەیەنێت، بەڵام لە کوردیدا تەنیا (ڕێزگرتن) دەگرێتەوە (کەریم و مینە، ٢٠٠٩: ٧٣). هەڵبەت ئەمانە تەنیا ڕوخسار وەرگیراو بە نێوەرۆك واتای تازەیان وەرگرتووە. واتە وشە وەرگیراوەکە لە زمانی بنچینەدا واتایەکی هەیە و لە زمانی مەبەست بە واتایەکی تر بەکاردەهێنرێت، وەك: (قەول) کە چاوگێکی زمانی عەرەبییە و (قسە و گوتن) دەگەیەنێت، بەڵام لە کوردیدا واتای (پەیمان و بەڵێن) دەگەیەنێت، یان بەمانای (وتە و گوتنیش دێت وەك دەوترێت بە قەولیکرد، بەقەولی ئەو ....)، دیارە ئەو وشانە بە هەموو پێوانەیەك بە کوردی حسابن و نابێت سڵ لە بەکارهێنانیان بکەینەوە. یان (عقوبة) زاراوەیەکی زمانی عەرەبییە واتای (جەزا) دەگەیەنێت، بەڵام لە زمانی کوردی لە بەرانبەر (عقوبە)، (سزا) بەکاردێت نەك (جەزا) لە زمانی کوردی زیاتر بۆ کاری چاکە بەکاردێت، وەك: خوا جەزات داتەوە.

**٢ ـ ٥: کورتبڕی** ((Shortening): بنەمایەکی تر بۆ داڕشتنی زاراوە بریتییە لە کورتبڕی، بەپێی ئەم بنەمایە زاراوەکان بەشێوەی کورتتر دەردەکەون، ئەمەش بە مەبەستی ئیکۆنۆمی دەربڕینی زاراوەکانە لەڕوی کات و وزەوە، ئەم بنەمایە بەسەر سێ جۆر دابەش دەبێت، ئەمانەن:

**٢ ـ ٥ـ ١: ئەکرۆنیم (Acronyms):** جۆرێکە لە جۆرەکانی کورتبڕی بۆ داڕشتنی زاراوە بەکاردێت، ((ئەکرۆنیمی یەکێکە لە پرۆسەکانی پێکهێنانی وشە، کە بریتییە لە وەرگرتنی سەرەتایی یان دەستپێکی چەند وشەیەك و دانەپاڵیەکی پارچە وەرگیراوەکان لە شێوەی وشەیەکی نوێ))، (Stageberg, 1981:123). لەم سەردەمەدا بەکارهێنانی ئەکرۆنیمی زیادی کردووە، بۆ نمونە: لە بواری زانست و بواری سەربازی، لەڕاگەیاندن و بواری بازرگانی گەورەدا، کە بە شێوازی ڕێکوپێک، کورتوپوخت، زاراوە درێژ و کەڵەکەبووەکان پێشکەش دەکات، زاراوەی ئەکرۆنیمی یان (کورتکراوەکان)، لە وەرگرتنی پیتە سەرەتاییەکانی چەند وشەیەک دروستکراون. ئەم جۆرە وشە نوێیانە بە خوێندنەوەی پیتەکان بەیەکەوە، وەکو وشەیەکی نوێ و سپێل تەواو دەردەکەون، بۆ نمونە: ناسا (NASA)، کە کورتکراوە (National Aeronautics and Space Administration)یە، وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت. سودێکی ئەکرۆنیم ئەوەیە، کە هەوڵدەدات بە کەمترین وزە و کەمترین دەربڕین زۆرترین زانیاری بگەیەنێت. واتە دەچێتە خانەی ئابوریکردنەوە. ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەی (سەرەتایی/ بەرایی)یش ناو هبرێت، چونکە لە وەرگرتنی پیتە سەرەتاییەکانی زنجیرە وشەیەك پێکدێت (Fromkin & Rodman,1988: 139). لە زمانی ئینگلیزی، دوو جۆری ئەکرۆنیمی هەیە، ئەمانەن:

جۆری یەکەم: سەرجەم پیتە وەرگیراوەکان بە پیتی گەورە دەنوسرێن، وەک:

- North Atlantic Treaty Organizatio: NATO

- Organization of the Petroleum Exporting Countries: OPEK

جۆری دووەم: سەرجەم پیتە وەرگیراوەکان بە پیتی بچوک دەنوسرێن، وەک:

– sound navigation ranging: sonar

- light amplification by stimulated emission of radiation: laser (Huddleston and Pullum, 2005: 284).

بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا پیتی گەورە (کەپتەڵ) و پیتی بچوك (سمۆڵ)مان نییە، بۆیە هەر بەیەك شێوە (ناتۆ، ئۆپیك، سۆنار، ...هتد) دەنوسرێن.

لەبواری یاسادا لە زمانی کوردیدا ئەکرۆنیمان کەمە، چونکە دوای گەڕانێکی ورد بەگشت فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکاندا هیچ زاراوەیەکی یاساییمان نەدۆزییەوە، کە بە زمانی کوردی بەم ڕێگایە داڕێژرابێت، ڕەنگە ئەمەش بۆ هەستیاری بواری یاسا بگەڕێتەوە، کە پەیوەندی بەڕێکخستنی ژیان و کاروباری خەڵکەوە هەیە، بۆیە بە پێچەوانەوەی کورتبڕییەوە لە زمانی یاسادا سروشتی دوبارەکردنەوە و درێژدادڕی هەیە، چونکە لەوانەیە ئەم کورتکردنەوە ئاڵۆزی دروست بکات، دەشێت تێیدا جیاکردنەوەی قەدەغەکراو قەدەغە نەکراوەکان،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

دیاریکردنی جۆری کەتنێك، دەستنیشانکردنی جۆری ئەو سزایەی ئەو تاوانە بشێوێت، بەڵام ئەکرۆنیم لە بواری یاسا بە زمانی بیانی ئەگەر کەمیش بێت بەرچاو دەکەوێت، وەك لە فەرهەنگی چوارزمانی (قانوونی)، (د. نوری تاڵەبانی)دا لە بەشە ئینگلیزییەکەی لە لاپەڕە (٣١٠)دا چەند زاراوەکی ئەکرۆنیمی بە زمانی بیانی هەیە، بەپێی شێوازی وەرگرتن هاتونەتە ناو زمانی کوردی و بەکاردەهێنرێت ، ئەوانەش ئەمانەن:

- United Nations: UN

- Food and Agricultural Organisation of the United Nations: FAO

- United Nations Organization for Education, Science and Culture: UNESCO

- World Health Organisation: WHO

-International Labour Organisation: ILO

هەروەها لە فەرهەنگی (حقووق دادپەروەر)دا، چەند زاراوەیەکی یاسایی هەیە، کە بەپێی بنەمای ئەکرۆنیمی دروستکراون، بەڵام ئەم زاراوانە دانەی سەرەکی فەرهەنگی بنەڕەتی زمانی کوردی نین، بەڵکو لە زمانە بیانییەکانەوە بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزییەوە دروستکراون و دواتر چونەتە ناو زمانەکانی ترەوە، لە خوارەوە سەرجەم زاراوەکان دەخەینەڕو:

- De bonis non: (DBN): بەڕێوەبەری میرات، لە بوارگەلێکدا کە وەسیەتکەر یان ئەمینی سەرەکی میرات، هیچ داپەرێکی بۆ بەڕێبەرییەکەی نەکردبێت.

- De Bonis Non Cum Testament Annnexo: (DBNCTA):

لەبوارێکدا کە ئەمینی میرات، یان بەڕێوەبەرایەتی میرات و کاروبارەکان بمرێ و بەشێك لە میراتەکە، بەبێ ئەوەی کە پێراگەیشتبێن ئەوە هەر ئاوا مابێتەوە (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٤٢).

-Average Weekly Wage: (AWW): حەقدەست یان ڕادەی مام ناوەندی پارەی هەفتانە، ئەم دەستەواژەیە پتر لە ژمێریاریی پێوەندیدار بە زەرەر و زیانی کرێکاریدا بەکاردەهێنرێت.

-Certificate of deposit: (CD): شایەتی نامەی ئەسپاردە، شایەتی نامەی بە نوسراوەیی بانك لە پێوەندی بە ئەسپاردنی پارە، هەروەها ئەستۆگریی پێدانی بە ئەسپاردە دانەر یان حەواڵە کردووەکەی یان هەرکەسێکیکە بۆی حەواڵە بکا. بەڵگەی ئەسپاردە. ڕەسید (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٢٢٥).

- Courtroom,Papers: (CP): وەرەقەگەلی دانیشتنی دادگا

-Crown Presecution Service: (CPS): تۆڕێکی تایبەت بۆ شوێنگری بابەتگەلی تاوانبارانە

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٣٦٩).

-Free on truck: (FOT): نرخی بار داگری لەسەر پشتی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر

-Government Printing Office: (GPO): ناوەندی بڵاوکراوەکانی دەوڵەتیی ئەمریکا، کە دەقی یاسا و بڕیارەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بڵاودەکاتەوە.

-Grievous Bodily harm: (GBH): زەبری توندی جەستەیی، بە پێی یاسایی ١٨٦١ تاوانەکانی دژ بە مرۆڤ چەند جۆرە زەبری توند و تیژیی جەستەیی هەیە. بەپێی هەمان یاسا. تاوانی توندی جەستەیی هەتا پێنج ساڵ زیندانی هەیە، تەنانەت سزای زیندانی هەتا مردنیش هەیە.

-Gross National Product: (GNP): نرخی بازاڕی تەواوەتی خزمەتەکان و کەلوپەلی وەبەرهاتوو لە وڵاتێکدا و لە مەودای یەك ساڵ، هەروەها زیادەی هەنارده بە هاورده (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٦٣٥).

-Home Owners Warranty: (HOW): دەستەبەری و کەفالەت بۆ خاوەندانی خانوبەرە، ئەمە سیستەمێکە لە ئەمریکا کە زۆربەی سازکەرانی خانوبەرە و بیناسازەکان ئەندامیەتی ئەوێیان هەیە و خانوبەرەکەی بۆ کڕیاران هەتا لانیکەم دە ساڵان لەبەرانبەر کەموکوڕی بنەڕەتی و سەرەکی دەستەبەر دەکەن (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٦٥٥).

-International Court of Justice: (ICJ) دیوانی نێودەوڵەتی داد-

International Covenant on Eonomic Social and Cultural Rights: (ICES) پەیمانی نێودەوڵەتی، حقوقی، ئابوری، کۆمەڵایەتی.

-International Covenant on Civil and Political Right: (ICPR): پەیمانامەی نێدەوڵەتی حقوقی مەدەنی و سیاسی (شارستانی و ڕامیاری) ، (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٧١٣).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

-Now Known as: (NKA): هەنوکە بەم ناو و سەردێرە دەناسرێت (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٨٢٧).

-Old Age, Survivors and Disabilitty Insurance: (OASDI): بیمەی تایبەت بە دەورانی پیری، ناتوانایی و لە کارکەوتوویی (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٨٣٧).

- United Nations Commission on International Trade Law: (UNCITRAL):

کۆمیسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ حقوقی بازرگانی نێودەوڵەتی (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ١٠١٣).

٢ ـ٥ـ٢: ئەبریڤەیشن abbreviation: ئەمەش جۆرێکی ترە لە کورتبڕی، ئەم جۆرە لە کورتبڕی، فۆڕمە کوتکراوەکە لەباری ئاساییدا جێگەی وشە بنەڕەتییەکە ناگرنەوە. ((ئەبریڤەیشنەکان نوسینیان بە جۆرێکە، کە لەگەڵ یاسای ئەو زمانە ناگونجێ، بۆیە هەمیشە (.) لەدوای فۆڕمە کورتکراوەکە دادەنرێت))، (سەعید، ٢٠٠٨: ٤٨)، بۆنمونە: (د.) کورتکراوەی وشەی (دکتۆر)ە. لە کوردیدا بڕگەی یەك دەنگی دەگمەنە، بۆیە بەم شێوەیە دەنوسرێت. بەهەمان شێوە هەروەك ئەکرۆنیم، لەبواری یاسادا بەزمانی کوردی، هیچ زاراوەیەکی یاساییمان بە شێوازی ئەبریڤەیشن لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکەکانی بواری یاسادا نەدۆزییەوە، بەڵام لە فەرهەنگی چوارزمانییەکەی (د. نوری تاڵەبانی)دا لە بەشە ئینگلیزییەکەی لە لاپەڕە (٩٤)دا چەند زاراوەکی ئەبریڤەیشن بە زمانی بیانی هەیە، هەر بەم جۆرەش هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەوانەش ئەمانەن:

| عەرەبی | کوردی | فەرەنسی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| بیع (C.F.) "یشمل (سعر البضاعة واجور الشحن)" | فرۆشتنی (سی. ئیف (C.F. | Vente C.F. | Cost and freight |
| بیع (C.I.) | فرۆشتنی (سی. ئای (C.I. | Vente C.I. | Cost and insurance |
| بیع (سیف) | فرۆشتنی (سی. ئای. ئیف (C.I.F. | Vente C.I.F | Cost, insurance and freight |
| بیع مع التسلیم علی الظهر | فرۆشتنی (فۆب ( F.O.B. | Vente F.O.B. | Free on board |

تاڵەبانی لەبارەی ئەم زاراوانەوە دەڵێت: ((ئەم شێوە فرۆشتنە، کە بەو ناوانەوە ناسراون، زۆر باون لە مامەڵەو بازرگانی جیهانیدا، بۆیە چاکترە لە زمانی کوردیشدا هەر بەوناوانە بناسرێن و کاریان پێ بکرێت، چونکە بوون بە تێرمی هەروەها لە فەرهەنگەکەی (کامبیزی نێودەوڵەتی))، (تاڵەبانی، ٢٠٠٦: ٩٤).

ئیبراهیم زادە) چەند زاراوەیەك بیانیان دەستکەوت، کە بەم ڕێگایە دروستکراون، سەرجەمیان لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

-American Bar Association: (A.B.A): ئەنجومەنی (ناوەند، مەکۆ) ی پارێزەرانی ئەمریکا

- American Bar Association Journal: (A.B.A.J): گۆڤاری ئەنجومەن و ناوەندی پارێزەرانی ئەمریکا (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٣).

-Administrative Procedure Act: (A.P.A.): پێڕەوی نێوخۆیی (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٨٩).کاروباری ئیداری

-Cost and Freight: (C.A.F): نرخی فرۆش، کە بریتییە لە بایەخ و خەرجی کرینی بابەت، هەروەها کرێی ڕاگواستنەکەشی دێتە سەری، بەڵام دیارە بیمە یان شتی تر لەخۆ ناگرێت (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٣٤٥).

-Civil Service Commission: (C.S.C.): کۆمیسیۆنی کارمەندانی دەوڵەت

-Cum Testamento Annexo: (C.T.A): شکاندن. کەوتن. کردنەوە بە گوشار و زۆری. خراپکردنی بارهودۆخی سروشتی شتێك بە گوشارهێنان و زۆرەملێ. تێکشکاندن. بەزاندن.

-Cash with Order: (C.W.O): نەقد (نەغد) بە ڕاسپاردن (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٣٧٦).

- District court: (D.C.): دادگای پارێزگا

-Discounted Cash Flow: (DCF): شێوەی کەمکردنەوەی پارەی نەقد

- Delivered Duty Paid: (D.D.P.): - تەحویلدان لە چلۆنایەتی و بارودۆخێکدا کە پیتاکی گومرگی دراوە.

- Delivered Duty UnPaid: (D.D.U): تەحویلدان لە بارودۆخێکدا کە پیتاکی گومرگی نەدراوە

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٣٨٦).

-Judge Advocate:(J.A.): دادوەری دادگای نیزامی (چەکداری)

-Junior Judge: (J.J.): دادوەری سەرەتای

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

-President Judge: (P.J.): دادوەری سەرۆکی دادگا

-Administrative Law Judge: (A.L.J.): دادوەری حقوقی ئیداری

- Associate Judge: (A.J.): دادوەری هاوبەش

- Chief Justice or Judge: (C.J.): سەرۆکی دائیرەی داد یان دادوەری دادوەرەکان

- Justice of the Peace: (J.P.): ئەمینی ئاشتی یان دادوەری سەرەتای

- Judges or Justices: (J.J.) دادوەرەکان

- Justice of the Common Plea: (J.C.P.): دادوەری دۆسییەکەلی نەریتی

-Justice of the Kings Bench: (J.K.B.): دادوەری دادگای کینکس بێنچ

- Justice of the Queen, Bench: (J.Q.B.): دادوەری دادگای کوئینز بێنچ

- Juris Doktor: (J.D.): دکتۆرا لە حقوق

- Judgment non obstante veredicto: (J.N.O.V.): دادوەری بەبێ لەبەرچاوگرتنی بڕیار

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٧٢٥).

-First Judge: (F.J.): دادوەری سەرەتای

-Law Judge: (L.J.): دادوەری دادگا

-Law Journal: (L.J.): - ڕۆژنامەی فەرمی

Law Latin: (L. L.): یاساگەلی لاتین

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٧٨٥).

-Professional Association: (P.A.): ئەنجومەنی پیشەیی

-Pro Hac Vice: (P.H.V.): ئەنجومەنی پیشەیی

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٨٧٢).

-Quasi Dicat: (Q.D.): پێویست بوو پێت بگوتبایە

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٨٩٩).

-Tax Anticipation Bill (T.A.B.): حەواڵەی پێش پێدانی ماڵیات

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٩٨٠).

-Uniform Commercial Code: (U.C.C.): یاساگەلی هاوشێوەبوونی بازرگان

-Uniform Consumer Credit Code: (U.C.C.C.): بەکاربەران یاساگەلی هاوشێوەبوونی بڕوامەندی بۆ

- Nemine Contra Dicente: (N.C.D): بێ هەڵوێست

- non allocatur: (NA.): - بێ مۆڵەت

Nota Bena: (N.B.): سەرنج بدە

(ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ١٠١١).

- Company: (Co.): کۆمپانیا، شەریکە

- Scilicet: (SC.): مەبەست ئەوەیە کە

- Versus: (VS.) بە واتای (دژ) دێت، پتر لەسەر دێرەکانی ڕوداوگەلی یاساییدا بەکاردەهێنرێت.

- Veterans Administration Vacantiabmna: (V.A.): ماڵی بێخاوەن، ماڵی بێ میراتگر (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ١٠٢٤).

هەندێکجار یەك ئەبریڤەیشن بۆ چەند زاراوەیەك بەکاردەهێندرێت، وەك:

(Ch.) پتر کورتکراوەی (Chapter)، (بەش یان فەسڵ)ە. (Chancellor)، (بەرپرس و دادوەر) و جاروبارەش کورتکراوەی (Chancery)، (دەفتەر، جۆری دادگا)، (Chief)، (سەرۆك، بەرپرس)ە (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٩٤٠).

ـ (T.) کوتکراوەی وشەی (term/ زاراوە)، (territory/ ناوچە)، (title/ ناونیشان) و (table/ خشتە)یە (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٩٨٠).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121

**٢ ـ ٥ـ٣: کلیپینگ (Clipping):** لە سەرچاوەکانی زمانی کوردیدا، ئەم بنەمایە بەچەند ناوێك ناونراوە و بەرچاودەکەوێت، وەك: (کرتاندن، قرتاندن، پارچەکردن، برین). کلیپینگ، پرۆسەیەکی ترە بۆ پێکهێنانی وشە و زاراوەکان، دەتوانین بڵێین ئەمەش جۆرێکە لە کورتبڕی، کە بە لەدەستدانی بەشێک لە وشەکە یان فریزەکە، یان دەستەواژەکە دروست دەبێت، واتە بریتییە لە کورتکردنەوەی وشە، وەك: (ترافیك) کۆتکراوەی (ترافیك لایت)ە. زۆرجار وشە کورتکراوەکە بە تێپەڕبوونی کات شوێنی وشە بنچەکە دەگرێتەوە، بۆیە یەکێك لەلایەنی خراپی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە، دەبێتە هۆی بەکارنەهێنان و کاڵبوونەوەی وشە بنچەکە و لە کۆتایشدا لەناوچوونی وشەکە، هەروەها لایەنێکی تری خراپی ئەوەیە، بەهۆی دورکەوتنەوە لە وشە بنچەکە، گرفت بۆ وەرگێر لەکاتی وەرگێڕان دروستدەکات. (ستاگەبێرگ) دەڵێت: پرۆسەی کرتاندن، واتە بڕینی سەرەتا یان کۆتایی یان هەردوك لە (وشەیەیەك یان لە وشە گەورەتر، بەتایبەتی وشە فرەبڕگەکان)، لە ئەنجامدا ئەم پێکهاتەیە بە وشەیەکی کرتێنراو ناودەبرێت. لەم پرۆسەیەدا کرتاندن لە سەرەتای وشە (Back-clipping) باوترینە و بەزۆریش ئەوەی ئەم پرۆسەی بەسەردا دێت (ناو)ە، وەک: advert = advertisement Stageberg, (124 :1981). (داب = داب و نەریت: التقالید)، (وەسمان، ٢٠١٤: ٥١). کرتاندن لە بەشی پێشەوەی وشە (Fore-clipping) کەمتر باوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بڕینی سەرەتایی (یان پێشەوە)، کە بەشی کۆتایی وشەکە دەمێنێتەوە نمونەمان هەیە: وەك: phone = telephone (Akmajian et., 2001:26).

لەم باسەی سەرەوە دەتوانین بڵێین: کلیپینگ پرۆسەیەکە بریتییە لە دروستکردنی فۆرمێك دوای لابردنی هەندێك پیت لە سەرەتا یان لەدواوەی وشەکە، واتە پارچەیەك لە سەرەتا یان کۆتای وشەکە، کە دەمێنێتەوە وەردەگیرێت و لە شوێنی فۆرمە بنجییەکە بەکاردێت. کلیپینگ چەند شێوازێکی هەیە، کە بریتیین لە:

١ـ لەیەکەم پیتی وشەکە پێکدێت، واتە زاراوەکە یەك پیتە، ئەم پیتەش بریتییە لە یەکەم پیتی زاراوە بنجەکەیە، وەك: D = Discontinue (دەست هەڵگرتن لە دۆسییەی سکاڵای داواکاری)، (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٩٤٠).

٢ـ لەچەند پیتێکی سەرەتایی وشەکە پێکدێت، وەك: Usu = usually

٣ـ لە چەند پیتێکی وشەکە بێ ڕیزبەندی پێکدێت، وەك: Asst = assistant

٤ـ هەندێکجار کورتکردنەوە بەچەند قۆناغێك دەبێت، وەك:

-Mail, which is sent and recived electronically by competar.

دواتر کورتکرایەوە بۆ (electronic mail)، پاشان بۆ: (e -mail).

٥ـ هەندێکجار بریتییە لە وەرگرتنی یەکەم وشە لە پێناسەی زاراوەکە ، کە ئەو وشە گوزارشت لە تەواوی پێناسەی زاراوەکە دەکات، ئەم جۆرەیان لە بواری یاسادا، لە هەموو پرۆژەیاساکان لە پێشەکی یاساکەدا بابەتێکی تێدایە، کە پێی دەوترێت پێناسەکان یان حوکمە گشتییەکان، کە ماددەی (١)ی یاسایەکەدا دەخرێتەڕو لە هەموو پرۆژە یاساکاندا دەبینرێت، وەك: لە یاسایی ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨) هەموارکراو: لە ماددەی (١) دەڵێت: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

وەزارەت: وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.


وەزیر: وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

زانکۆ: یەکێك لە زانکۆ فەرمیەکانی عێراق.

دەستە: دەستەی خوێندنی تەکنەلۆژی.


واتە لەهەر شوێنێك لەم یاسایەدا زاراوەی (وەزارەت)ت هاتە بەرچاو مەبەستی (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) نەك وەزارەتێکی تر. بۆ زاراوەکانی تریش بەهەمان شێوەیە.

لە خوارەوە هەرسێ جۆری کورتبڕی لە هەردوو فەرهەنگی یاسایی (قانوونی و حقووقی دادپەروەر) بە ئامار دەخەینەڕو، دواتر هەریەکەیان بەجیا لە فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە بە بەرنامەی (SPSS) دەخەینەڕو:





( زاراوە یاسایی کورتکراوە لە فەرهەنگی یاسایی قانوونی)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121





( زاراوه یاسایی کورتکراوه لە فەرهەنگی یاسایی حقووقی دادپەروەر)




( زاراوه یاسایی ئەکرۆنیم لە کشت فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکان لە زمانی کوردیدا).




( زاراوه یاسایی ئەبریڤەیشن لە کشت فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکان لە زمانی کوردیدا)




( زاراوه یاسایی کلیپینگ لە کشت فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە یاساییەکان لە زمانی کوردیدا)

**٢ ـ ٦: پێوانەکردنcalque:** ئەم ڕێگەیە بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێك سودی لێبینراوە، وەکو تەرازو پێوانەیەك (پێوەرێك) وایە بەدەست زمانەوان و زاراوەناسانەوە بۆ دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ، کە لەرێگەیەوە دەتوانرێت بڕیاری ڕاستی و هەڵە و دیاردەی زمانەوانی پێبدەن، کە لە زانستی وشەسازی و زاراوەسازیدا باوە. هەندێك لە زمانەوانەکان بەرێبازێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە دایدەنێین، هەندێکی تریشیان لە میانەی ڕێبازی (وەرگێڕان) باسی دەکەن (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٨٢). ئەم بنەمایە دوو ئاڕاستەی هەیە:

یەکەم: بەرهەمهێنانی زاراوە لەسەر پێوانەی وشە و یەکە کۆنەکانی زمانی خۆماڵی بۆ ناونانەوەی چەمکە نوێیەکان، بەشێك لە وشەکانی زمان لەسەر بنەمای وشەکانی تری زمانەکە دروستدەکرێن، ئەوە شتێکی باوە و ئاساییە و لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێت. واتە وشەیەکی کۆن و ڕەسەن، وەك نمونە وەردەگیرێت و وشە و زاراوەی نوێی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەسەر ئەو نمونەیە دادەنرێت، وەك:

جوتیار: دادیار، کڕیار، فرۆشیار.

زەویانە: سەرانە، پاکانە.

ئەستێرەناس: یاساناس.

زیندەوەر: دادوەر، پیشەوەر.

نوسەر: پارێزەر.

پێنوس: دادنوس.

ڕۆژنامە: بەڵگەنامە، سکاڵانامە، مۆڵەتنامە، بڕیکارنامە .

تەماشاکار: تاوانکار، دادکار، پێشێلکار، سەرپێچیکار.

بانگخواز: دادخواز، داواخواز.

دووەم: بەرهەمهێنانی زاراوە لەسەر پێوانەی وشە و زاراوەیەکی بیانی، واتە لەڕوی دروستبوونی وشەسازییەوە لە زمانە بیانییەکاندا چۆن بووە بەو شێوازە لە زمانەکەمان داتاشراوە، هەروەها لە ڕوی لێکسیکۆلۆژیشەوە واتای چی بووە هەر بەو شێوەیە واتای بەخشیووە، وەك: (الحقوق الشخصية: مافی تاکەکەس، البيت الشرعي: ماڵی ڕەوا، فترة العدة: ماوەی چاوەڕوانی (یاسن، ٢٠٢١: ٤١). وەك لەسەرەوە باسمانکرد، بۆیە هەندێك لە زمانەوانەکان لە میانەی ڕێبازی وەرگێڕان باسی دەکەن، نەك وەك ڕێبازێکی سەربەخۆ.

**٢ ـ٧: میتافۆر Metaphor:** ئەو وشەیەی کە واتایەکی تایبەتی هەیە و بۆ واتایەکی تر بەکاردێت و جیابێت لە واتا بنەڕەتییەکەی ئەوا دەبێتە میتافۆر، بەڵام بەو مەرجەی پەیوەندییەك هەبێت لەنێوان واتای کۆنەکە و نوێیەکەدا، بەجۆرێك لەشێوە یان لە ئەرکدا لەیەك بچن. بۆ نمونە بۆ وشەی ئینگلیزی (Tissue) لە زمانی کوردیدا (شانە) بەکارهاتووە، چونکە کۆمەڵە خانە لەیەکچووەکانی لەش لە تایبەتمەندی و لە شێوەدا لە شانەی هەنگ دەچن. هەر لەو زاراوەیەش توانرا چەند زاراوەیەکی تری وەك: شانەزانی (Histology) و ڕوکەشەشانە (Epithelial Tissues)... هتد. دابڕێژرێت. (گرەی) دەڵێت: ((مێتافۆر جۆرێکە لە زمانی مەجازی، کە ئاماژە بۆ ئەو وشە یان دەربڕینانە دەکات، کە واتای شتێکی جیاواز لە پێناسەی وشەیی خۆیان دەگەیەنن))، (Grey, 2000: 32).

لە زمانی کوردیدا چەندین نمونەی وامان هەیە، کە بەواتای ڕاستەقینەی خۆی بەکارنایەت، وەك: (دەستکورت، دەستدرێژ (دەستدرێژی)، دەستپاك، دەستپیس، دڵپیس، ...هتد). لە بنەڕەتدا واتای (کورت) و (درێژ) دژی یەکن و بۆ پێوان بەکاردێن، بەڵام لە دەستکورت و دەستدرێژ مەبەست پێوانەکردن نییە، بەڵکو (دەستکورت) واتە: هەژار، بۆ نمونە، کە دەگوترێت (ماڵی نەسرین دەستکورتن.) واتە: ماڵی نەسرین کەمدەرامەت و هەژارن.

(دەستدرێژی) واتە: بەشێوەی ناڕەوا دەست بۆ گیان و ماڵی خەڵك بنات، وەك: (دەستدرێژی کردنە سەر ناموس/ هتك عرض) بەهەمان شێوە، (پاك) بۆ شتی پاك و خاوێن بەکاردێت، دژی (پیس)ە. پیس بۆشتێك بەکاردێت، کە پاك نەبێت و چڵکن و پیس بێت، بەڵام لە (دەستپاك) واتە کەسەکە دزنییە و دەست بۆ ماڵی خەڵك نابات، نەك ئەوەی کە دەستی چڵکن نییە. هەروەها لە (دەستپیس، دڵپیس)یش بە هەمان شێوە، (دەستپیس) پێچەوانەی (دەستپاك)ە، واتە: دەست بۆ ماڵی خەڵك دەبات و دزی دەکات.

لە بواری یاسا هەریەکە لەمانە ئەگەر بچێتە خانەی تاوانەوە و سزای تایبەتی هەیە، وەك: دزی، بەپێی یاسایی سزاکانی عێراق مادەی (٤٣٩). کەواتە، میتافۆر وشەیەکە لە واتا بنچینەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی نوێ، ئەم شێوازە بۆ پەرەدان بە زاراوە زۆر بەکاردێت. بۆ نمونە وەك گوتمان دەشێ بێژە کۆنەکان واتای نوێیان لێ باربکرێت، یان لەبوارە جیاجیاکانەوە بخوازرێنەوە بۆ بوارێکی دیکەی نوێ و بە واتایەکی نوێ، وەك: (زیندەماڵ و مردەماڵ) وەك زاراوەیەکی یاسایی بۆ (اموال منقولة و غير منقولة) بەکارهاتووە، کە ئەم دوو زاراوەیە لە ئەم دوو زاراوەیە لە ئاخاوتنی خەڵکی گوندا، یەکەمییان بۆ سەروەت و سامانی وەکو (مەڕوماڵات) و دووەمیان بۆ سامانی وەکو (زەوی و خانوبەرە) بەکارهاتووە، واتاکەی ئێرەیان لە بەرانبەر (اموال منقولة و غير منقولة)دا نزیکییەکی لەگەڵ واتا کۆنەکەدا هەیە (حەبیب، ٢٠٠٢: ٨).

**٢ ـ ٨: وەرگێڕان (Translation):** وەرگێڕانیش یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە زانستی یاسادا، بۆ پێکهێنانی زاراوەی یاسایی نوێ و پڕکردنەوەی پێداویستی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی بوارەکە سودی لێوەرگیراوە. ((وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نیزکترین هاوواتا، لەو زمانەی کە وەرگێڕانی پێ دەکرێت لە پێشدا لەباری واتاو پاشان لەباری شێوازەوە (سەبك)، ))، (سەففار زادە، ٢٠٠٥: ٢٥). وەرگێڕان پردی پەیوەندیی نێوان هەموو گەلانی سەر گۆی زەوییە بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری و تەکنەلۆژیا. بەهۆی وەرگێڕانەوە دەتوانین واتای زاراوەیەکی یاسایی بێگانە بە زمانی کوردی دەربڕین، بەڵام سەرەتا پێویستە بزانین زاراوە بێگانەکە بۆ کام واتا بەکارهاتووە، چونکە دەبێت واتای زاراوەکە بەپێی مەبەست و بابەتی بەکارهێنراو وەربگێڕدرێت، وەرگێڕ بەدوای زاراوەیەکدا بگەڕێت، کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات، یان زاراوەیەکی بەرانبەری بۆ بدۆزینەوە، چونکە ئەوەی لەکاری وەرگێڕان زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە بریتییە لە ناسینەوەی واتای یاسایی ئەو وشانەی کە واتایەکی جیاوازی لە واتای وشەکە خۆی هەیە یاخود هەڵگری واتایەکی نوێیە، یان بەپێی گۆڕانی لقەکانی یاسا واتای دەگۆڕێت، بۆ نمونە بەکارهێنانی وشەیەکی وەك: (malice) لە یاسادا بە واتای (ڕق و پلەنزمی نایەت)، بەڵکو جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی بە واتای (فەرامۆشکردنی ڕاستی) بەکاردەهێنرێت.

پێوستە وەرگێڕ ئاگاداری ئەوە بێت، کاتێك واتای وشەکان فراوان دەکرێن، پابەندبوون و گۆڕانی واتاییان پەیوەستە بەو دەوروبەرەی تیایدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە، وشەیەکی وەک (divorce) لە دەوروبەرێکدا بە واتای (نیشتەجێبووی شوێنێک دێت، ئەمە ئەگەر ئەو کەسە بۆ ماوەی (٦) مانگ لەو شوێنەدا مابێتەوە)، بەڵام لە دەوروبەرێکی تردا بە مانایەکی دیکەی جیاواز لەم واتایە بە واتای (جیابوونەوە) دێت. بۆیە ئەگەر وەرگێڕان بۆ زانستەکانی تر گران بێت، بۆ بواری یاسا زۆر گرانترە، چونکە فۆرمی زاراوەی یاسایی چەند ئەرکێک جێبەجێدەکات هەروەک سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان، سەرلەنوێ بونیادنانەوەی فەرمانە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی نەشکاندن و دیاریکردنی چالاکی و کارە ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەکان، هەروەها ئەرکی یاسابەندکردنی کۆمەڵ لە ڕێگەی دامەزراندن و خستنەڕوی ئەرکە ناچارییەکانەوە، کە پێویستە جێبەجێبکرێن، بۆیە هەر هەڵەیەك لە وەرگێڕان دەبێتە هۆی لەدەستدانی یەکێك یان زیاتر لەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، وەك: ( Unclaimed Balance): داواکراو. (هەڵە وەرگێڕان). ڕاستەکەی (ماوەی دوانەکراو)ە. واتە ئەم شتەی کە ماوەتەوە و هەنوکەشی پێوە بێ داوای نەکراوەتەوە (ئیبراهیم زادە، ١٣٩٧: ٥٢٦).

وەرگێڕان وەك بنمایەکی سازکردنی زاراوە لەبواری یاسا، ڕۆڵێکی گەورە لە دەوڵەمەندکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی زماندا دەگێرێت. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە زۆر سودی لە وەرگێڕان لەبواری یاسادا وەرگرتووە، بەتایبەتی

وەرگێڕانی زاراوە عەرەبییەکان بۆ زمانی کوردی، چونکە هەر لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئێستا، زاراوەکانی یاسایی هەر بە عەرەبی بوون و تا ئێستاش زاراوە عەرەبیەکان باون، بەهۆی خوێندن و ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە کۆلێژی یاسا بە زمانی عەرەبی و گرنگیدانی زۆر بە زمانی عەرەبی لە دادگا و کاروبارە یاساییەکاندا. بۆیە لەدوای فەرمیبوونی زمانی کوردی زۆر سود لە وەرگێڕان وەرگیراوە هەوڵیان داوە گونجاوترین زاراوەی کوردی بەرانبەر زاراوە عەرەبییەکان دابنێن تا پەیڕەو بکرێن. لەخوارەوە چەند زاراوەیەکی وەرگێڕدراو لەبواری یاسادا دەخەینەڕو: (دادنوس: کاتب عدل، فسخ العقد: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست، احکام الخطبة: دادکارییەکانی خوازبێنی، Necessity: پێویستی، False report: پۆرتی ساختە، Quorum: ڕادەی یاسایی، Communicant، ڕاسپاردەی ئاگادارکردنەوە، ...هتد).

## ئەنجامەکان:

١ـ پێویستە لەسەر یاسادانەر، یان هەر کەسێک، کەمامەڵە لەگەڵ دەقی یاسایی دەکات، ڕەچاوی ڕێساکانی زمان بکات و گرنگی پێ بدات، چونکە دەقی یاسایی دارشتەیەکە، ئەگەر بە باشی دابڕژێت و ڕەچاوی ڕێزمان و یاساکانی زمانی تێدا بکرێت ئامانجەکەی دەپێکێت.

٢ـ هەر کەسێک، کە سەروکاری لەگەڵ بواری یاسایە، پێوستە زاراوەی یاسایی کوردی بەکاربهێنێت و دوربکەوێتەوە لەبەکارهێنانی زاراوەی یاسایی بیانی، چونکە لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوت زمانەکەمان چەند چالاك و بەپرشتە بە زاراوەی یاسایی.

٣ـ لەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە زمانی کوردی زمانێکی گونجاوە بۆ بواری یاسا، چونکە توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی بوارەکەی هەیە، لە ڕێگای کۆمەڵێك بنەمای وەك: (دارشتن، لێکدان، دەستە وشە، وەرگرتن، کورتبڕی، پێوانەکردن، میتافۆر و وەرگێڕان)هوە.

٤ـ بنەمای (دارشتن، لێکدان، دەستە وشە، وەرگرتن، وەرگێڕان) چالاکترین و بە برشترین بنەمان بۆ دروستکردنی زاراوەی یاسایی، بەڵام بنەمای (کورتبڕی، میتافۆر و داتاشین) لە دارشتنی زاراوەی یاسایی ناچالاکن

٥ـ زمانی کوردی لەبواری یاسادا ڕێگە بە دیاردەی (هاپلۆلۆجی) نادات، بەتایبەتی ئەگەر بەلابردنی یەکێك لە دەنگە لێکچوەکان واتا بگۆڕێت.

٦ـ بواری یاسا یەکێکە لەو بوارانەی کە زۆر سودی لە بنەمای وەرگێڕان وەرگرتووە، بەتایبەتی وەرگێڕانی زاراوە عەرەبییەکان بۆ زمانی کوردی.

## سەرچاوەکان

### لیستی سەرچاوەکان کوردی:

ئەحمەد، کەلسوم خالید (٢٠١٦) تاوانی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیدا "دادگاکانی شاری هەولێر بە نمونە"، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

بەسیر، کامیل حەسەن (١٩٧٩) زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

حەبیب، بەدران ئەحمەد (٢٠٠٢) فەرهەنگی زاراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەولێر.

ڕەمەزان، هێمن سەلاحەدین (٢٠١٥) پرۆسە و یاساکانی وشە دروستکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

زمان و یاسا (٢٠٢١) لە بلاوکراوەکانی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزریی و کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت.

سەففار زادە، تاهیرە (٢٠٠٥)، بنچینەکانی وەرگێڕان، وەرگێڕانی قادر وریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

سەعید، تابان محەمەد (٢٠٠٨) گەشەسەندن و پوکانەوەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

شوانی، ڕەفیق (٢٠١١) وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

عەبدولا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی.

عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا (٢٠١٩) وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

قادر، صباح ڕەشید (٢٠٠٩) تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٤٢)، هەولێر.

کەریم، نەریمان عەبدوڵلا و مینە، مستەفا سەید (٢٠٠٩) چاککردنی هەڵەی هەندێك وشەی بەکارهێنراوی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (١٣)، کۆیە.

محمدامین، هاژە چیچۆ (٢٠١٥) دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

## نمونەکان لەم فەرهەنگ و فەرهەنگۆکانە وەرگیراون:

ئیبراهیم زادە، کامبیز (١٣٩٧) فەرهەنگی حقووقی دادپەروەر (ئینگلیسی ـ کوردی)، زانکۆی بۆکان، بۆکان.

تاڵەبانی، نوری (٢٠٠٦) فەرهەنگی قانوونی (عەرەبی ـ کوردی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی)، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی.

خۆشناو، سەردار عەزیز (٢٠٢١) فەرهەنگی دادگا (عەرەبی ـ کوردی، کوردی ـ عەرەبی)، چاپی هەشتەم، کتێبخانەی هەولێری یاسایی، هەولێر.

لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان (٢٠٠٤) زاراوەی یاسایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

وەسمان، محمد (٢٠١٤) فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان (کوردی ـ عەرەبی، عەرەبی ـ کوردی)، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر.

یاسین، عزالدین عبدالله (٢٠٢١) دەستەواژەکانی باری کەسی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

### عەرەبی:

الجرجانى، الشريف (١٩٧١) التعريفات، الدار التونسية.

القاسمى، على(٢٠٠٨) علم المصطلح أسسه النظرية وتطبيقاتها العملية، الطبعه الاولى، لبنان، ناشرون، بيروت.

مرسي، أحمد فتحي (١٩٨٩) محاضرات في الأدب القضائي، المركز القومي للدراسات القضائية.

هليل، محمد حلمى (١٩٨٩) خطوات نحو تقيس المصطلح اللسانى في الوطن العربي، بحث مقدم الى الندوة (التقييس والتوحيد المصطلحيان في النظرية والتطبيق) تونس ١٣ ـ ١٧ مارس.

**ئینگلیزی:**

Akmajin, Adrian & Demers, Richard & Farmer, Ann (2001) Linguistics: An Introduction to language and communication , 4 th ed, Cambidge : the MIT press (1992).

Argenis, Zapata (2007). Types of words and word-Formation Processes in English. Venezuela: Universidad de los Andes.

Felber, Helmut (1985) Standardization of Terminology,.

Fromkin, Victoria & Rodman, Robert (1988). An Vienna introductionTo Language. Chicgo: Holt Rinehart and Winston, ice.

Grey, William (2000) Metaphor and Meaning, The University of Queensland, Cambridge.

Gelinas, Surprenant & Hussman, Gohy (2015) Canadian Terminology. Standardizing Terminology for Better Communication, Practice.

Gibbons, John (2003) Forensic Linguistics: an introduction to language in the Justice System. Blackwell.

Hock, Hans Henrich (1986) "Sound change: Dissimilation, haplology, metathesis". Principles of Historical Linguistics. De Gruyter.

Huddleston, Rodney & Pullum, Geoffrey K. (2005) A Students Introduction to English Grammar, Cambridge University Press, UK.

Lyons, James (2002) Language and Languistics, Cambridge Uiversity, parss, UK.

Pearson, John (1998) Term in Context. John Benjamin Publishing.

Popp, Carolina (2001) Nomenclatures and computer-aided terminography. In F. Mayer (Ed), Language for special purpose: perspectives for the new millennium (pp. 195-201). Narr, Tubingen.

Stageberg, Norman C. (1981) An Introductory English Grammar, University Northern Lowa, London.

Sonneveld, Helmi & Loenning, Kurt (1993) Terminology: Application in Interdisciplinary Communication. John Benjamin Publishing.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp105-121